(دەرسی 10)




نان





نان

نـ ا ن



بابە وەرە!
بابە نان !
بابە ئاو !



بابە وەرە!... بەبە نانی دەوێ.
بابە وەرە! ... بەبە ئاوی دەوێ .

بابە دێ .
بابە نان دێنێ .
بابە ئاو دێنێ .



دادە وەرە بڕوانە ! بابە نان دێنێ .
دادە وەرە بڕوانە ! بابە ئاو دێنێ .



ن    نـ

ـ ئەم ڕستەیە بخوێنەوە : دادە وەرە بڕوانە ، بابە نان دێنێ.

ــ لەم ڕستەیە دا وشەی (بڕوانە) بە ڕەنگی سوور نووسراوە. لە زمانی کوردیدا هاومانای دیکەی ئەم وشەمان هەیە، کێ بتوانێ دوو وشەی هاومانای ئەم وشەیەمان بۆ بدۆزێتەوە و بە زمان بیڵێ، هەزار ئافەرینی دایە و بابە و مامۆستا وەردەگرێت.

مامۆستا :

ـ [ بڕوانە = سەیرکە = تەماشاکە]

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□

1ـ ئەمانەی خوارەوە چەند پیتن؟

2ـ لە چەند دەرسی ڕابوردوو دا چەندێک لەم پیتانەمان خوێندووە، ئەگەر بتوانی پیتە خوێندراوەکان بدۆزیتەوە و بە قەڵەمەکەت ڕەشیان بکەیت ، سەت ئافەرینی مامۆستا وەردەگریت.

نـ ن و جـ ج ـه ه

تـ ت د ئـ ۆ بـ ب

ر حـ ح یـ ی پ ز

ڕ ڵـ ڵ ێـ ێ

ـ پیتی یەکەمی ئەم وشانە بڵێ :

داو ... ڕاو ... ڕێوی ... نان ... باب ... دیوار ... برا ... ئاو ... ئارد ...
دەرمان ... بار ... ڕێ .. باران ... باری

ـ لە بەری(1) دا چەند وشەیەکمان نووسیوە ، بەڵام وشەکان پیتی ئاخریان داکەوتوە، سەیری بەری (2) بکە و پیتی داکەوتوو بدۆزەوە و لە سەر جێی خویانیان دابنێوە:

| [illegible] | [illegible] |
| --- | --- |
| ڕێو...... | ڕێوی |
| دیوا.... | دیوار |
| ئار.... | ئارد |
| دەرما... | دەرمان |
| ڕا... | ڕاو |

(دەرسی 11)



ڕێواس



سێو



سێ ڕێواس



سێ سێو



سەیوان سارا

سارا سێو دێنێ .
سارا سێ سێوان دێنێ .

ساوان ڕێواس دێنێ .
ساوان سێ ڕێواسان دێنێ .

سارا سێو دەدا بە ساوان .
ساوان ڕێواس دەدا بە سارا.
باران دەبارێ .

س سـ





ڕێبەر وەرە !
وەرە ڕێبەر... بابە سێو دێنێ .
دادە وەرە !
وەرە دادە... بابە ڕێواس دێنێ .



بابە سێو دێنێ .



بابە ڕێواس دێنێ .

# تـەمرينـی مـامۆستـا و قوتـابـی

سـ سـ سـ سـ سـ سـ
سـ سـ سـ سـ سـ سـ
سـ سـ سـ سـ سـ سـ

---

س س س س س س
س س س س س س
س س س س س س

---

تـەمرينـی دەنگ و دەنگبزوێنـە :

سا سه سیـ سی سێـ سێ
سا سه سیـ سی سێـ سێ
سا سه سیـ سی سێـ سێ

---

ماموستا : ئەم وشانە بخوێنەوە و بڵێ دەنگی یەکەمیان چییە:

سارا ـ ساوان ـ سەر ـ سیر ـ سێوە ـ سێو ـ

ـ دەنگی ئاخری ئەم وشانەی ژێروە چییە؟

ڕێواس ـ ڕێناس ـ ئەرەس ـ [ ڕێناس و ئەرەس ناوی دوو برایانە ]

ـ لە ژێری ژمارەی(1) دا چەند ڕستەمان نووسیوە. لە ژێری ژمارە(2)ش دا چەند ڕستەی دیکەمان نووسیوە. ڕستەکانی بەری(1) دەگەڵ ڕستەکانی بەری(2) لە یەک دەچن، بەڵام ئەگەر لێیان ورد ببنەوە ، جیاوازێکی گەورەیان لە نێوان دایە. تۆش ئەم جیاوازییانە فێر ببە.

| (1) | (2) |
| --- | --- |
| باران دەبارێ . | باران نابارێ . |
| ساوان دێ . | ساوان نایە. |
| دارا دار ئاو دەدا. | دارا دار ئاو نادا . |
| ڕێوی داوی دیوە. | ڕێوی داوی نەدیوە. |

ـ ئەم پیتانە شێوەی گەورە و بچووکیان نییە و هەر یەک چەشنیان هەیە:

ڕ    د    و    ئـ    ر    ا

ـ ئەم دوو پیتانە پێکەوە دەبن بەچی؟
تۆیش وەک نموونەی یەک لە بەری چەپ دا بینووسە و بیخوێنەوە.

بـ ............ ـە    ...... بـە ........

نـ ............ ـە    ................

یـ ............ ـە    ................

سـ .......... ـە    ................

ـ ئەم دوو پیتانەی ژێرەوە پێکەوە دێن، بەڵام پێکەوە ناچەسپێن؛ ئەم دوو پیتانە لێک نزیک بکەوە و دەنگی هەر دووکیان پێکەوە بخوێنەوە.

د ................ ا    ..... دا .......

د ................ ە    ................

ڕ ............... ە    ................

ڕ ................ ا    ..................

ـ دەنگی ئەم دوو پیتانە پێکەوە بخوێنەوە :

سا ـ نا ـ ڕا ـ وا ـ با ـ یا ـ ئا ـ دا ـ

سە ـ نە ـ دە ـ ڕە ـ یە ـ ئە ـ بە ـ وە ـ

ـ ئەم مەیموونە خرپنە چی نووسیوە ؟ بیخوێنەوە و لە خوارەوەی مەیموونەکە، لە سەر خەتە کەم ڕەنگەکان دا بینووسەوە .



(دەرسی 12 )



دارا و بابە دێن.



دارا و بابە دار ئاو دەدەن .





دێدە نان و ئاو دێنێ .



ڕابی و ڕێبەر سێو و ماسی دێنن .





بابە وەرە !

دارا و سارا دار ئاو دەدەن .







بابە وەرە !

سارا نان و سێو دێنێ .

بابە وەرە !

ساوان سێو و ڕێواس دێنێ .




و

مامۆستای بەڕێز ! ئەم دەنگبزوێنە دەگەڵ دەنگی چەقیوە (و)، کە لە دەرسی (ئاو) دا خوێندمان، جیاوزە. جیاوازیی دەنگ و دەنگبزوێن لەمە دایە کە دەنگبزوێنەکان قەت لە سەرەتای وشە دا نایەن و قەتیش دوو دەنگبزوێن پێکەوە و شان بە شانی یەک، لە یەک وشە دا جێ ناگرن .

دەرسی 13



تارا



ئاوات



تەوار



تارا ئاو دێنێ.　　　ئاوات ئاو دێنێ.　　　تەوار ئاو دێنێ.

تارا و ئاوات و تەوار ئاو دێنن.

بابە دار ئاو دەدا .

دێدە دار ئاو دەدا.

دار ئاوی دەوێ .

تـ　　　ت



دێدە دار ئاو دەدا.

دێدە سێ داران ئاو دەدا.

دێدە بێستان ئاو دەدا.

بابە دار ئاو دەدا .

بابە سێ داران ئاو دەدا .

بابە بێستان ئاو نادا.



دارستان



بێستان

## تەمرینی مامۆستا و قوتابی

[illegible]

تـ تـ تـ تـ تـ تـ

تـ تـ تـ تـ تـ تـ

تـ تـ تـ تـ تـ تـ

---

ت ت ت ت ت ت

ت ت ت ت ت ت

ت ت ت ت ت ت

---

تەمرینی دەنگ و دەنگبزوێن :

تا تە تۆ تێـ تی تیـ تو

تا تە تۆ تێـ تی تیـ تو

تا تە تۆ تێـ تی تیـ تو

---

دەرسی 14



بادام





مار

دار









ئەمە دارە.

ئەمە مارە.



ئەمە دارە و ئەمە مارە     مار لە نێو داران دا دیارە



سارم



ئارام



بارام

مام ئارام بابی سارمە .

مام بارام مامی سارامە .



بابە وەرە !

مامە وەرە !

وەرن مار !

وەرن بڕوانن مار بە ئاو دا دەڕوا !



سارم مەترسە !

مەترسە بابم !

ئەمە دارە بە ئاو دا دەڕوا.

مـ م

مامۆستا : ئەم سێ ڕستەی خوارەوە بخوێنەوە:

( تارا ئاو دێنێ . )  ( ئاوات ئاو دێنێ . )  ( تەوار ئاو دێنێ. )

ـ تۆیش دەتوانی ئەم سێ ڕستانە لێک گرێ بدەیت و یەکجێ و پێکەوە بلێی:

( تارا و ئاوات و تەوار ئاو دێنن .)

ـ دەی ئێستا ئەم دوو ڕستەی خوارەوەش بخوێنەوە :

( دێدە دار ئاو دەدا . )
( ڕێبەر دار ئاو دەدا. )

ـ ئەم دوو ڕستانەی سەرەوەمان لێک گرێ داوە ، بەڵام وشەیەکی گرنگ لە ڕستەکە دا نەماوە، کێ بتوانێ وشە گرنگەکە لە جێی خۆی دابنێتەوە، ئافەرینی مامۆستا وەردەگرێت.

( دێدە و ڕێبەر دار ئاو ................. . )

ـ ئەم سێ ڕستانەش بخوێنەوە :

( بارام وەرە ! )  ( ئارام وەرە ! )  ( سارام وەرە ! )

ـ سێ ڕستەی سەرەوەمان لێک گرێ داوە ، بەڵام ناوەکانمان بیر کردووە، کێ بتوانێ ناوەکان بنووسێت و ڕستەکە تەواو بکات ، ئافەرینی دایە و بابە و مامۆستا وەردەگرێت.

.................. و .................. و .................. وەرن .

ـ لەم سێ خشتەی خوارەوەدا سێ وشە نووسراوە. ئەم سێ وشانەمان لە دەرسەکانی پێشوودا خوێندوون. کێ بتوانێ وشەکان لە ژێرەوەی خشتەکان دا بە چەشنێک بنووسێت کە مانایەک بدەن و ببن بە ڕستەیەک ، ئەو کەسە ئازایە و زانایە.

| دیوە | ڕێوی | داوی |
|---|---|---|

..........................................................................................

ـ دایە ئەم ڕستانەی خوارەوەی نووسیوە، بەڵام لە هەر ڕستەیەک دا وشەیەکی شاردۆتەوە. کێ بتوانێ وشەکان بدۆزێتەوە و لەسەر جێی خۆیانیان دابنێتەوە، ئەو کەسە زۆر ئازایە و گەلێک زانایە.

مار بە ئاو دا .........................

ڕێوی داوی ...........................

دێدە بێستان .................. دەدا .

باران ..............................

بابە سێ داران ئاو ................

ـ ئەم وشانە بخوێنەوەو بڵێ یەکەم پیتی سەرەتای هەر وشەیەک چییە .

نەسرین ـ نادر ـ نەرمین ـ ناری ـ وریا ـ ئاوات ـ ئارام ـ ئاران ـ سارم ـ
سەیوان ـ ساوان ـ بەرد ـ دار ـ ئاو ـ ڕێوی ـ ڕاو ـ ڕێ ـ ڕێواس ـ ڕامان ـ
مەریوان ـ ماسی ـ مار ـ مام بارام ـ بابە ـ دێدە ـ برا ـ بەبە ـ بێستان ـ
دارستان ـ سارا ـ سەر ـ سیر ـ سەرما ـ تارا ـ تەوار ـ تار ـ تەماتە ـ ئارد ـ

ـ ئەم پیتانەی خوارەوە بخوێنەوە و بە قەڵەمەکەت ڕەشیان بکەوە:

تـ ت بـ ب د ر سـ ڕ س
ئـ یـ ێ ن و ی ێـ

